


## شازادەکەی دۆنگی ..

ڕووداوەکانی ڕێزەفلیمی دۆنگی وەک هەموو زریزە دوورودرێژەکانی تر بەتایبەتی دراما کۆریەکان لێک دەکشێنەوە هەر بەسەرهاتە یەک بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ کۆت دەکا مرۆڤ دەتوانێ لەناوەڕاستیەوە دەسپێ بکا کێشەنی یە تێی بگا چ باسە ؟ زنجیرەکە لەکێ دەپسێ وەستایانە هەرلەوێ گرێیدەدەنەوە ئەوەش ئەو ڕەونەقە حونەریەیە چاوی بینەر گاز دەکا ، وەک سەلکەبزۆتی ناو ئاگردان وایە دوای کوژانەوەیەکی کاتی کڵپە دەگرێتەوە گڕ و بڵێسە دروست دەکاتەوە .

## مەلازادە و شێخزادەکانی ئێمە ..

بەرهەمی مێژوو گێڕانەوەی ڕابردووە ئێستاش بۆ داهاتوو دەنوسێتەوە ، لەبەر ئەم ڕۆشنابییە مرۆڤ لەهەموو ئاوڕدانەوەکانی دەتوانێ جێ پێگەی پێیەکانی لەهەنگاوی داهاتووی گریمانە بکا بەڵام لەکۆی دراوی مێژووە زانراو نەزانراوەکانی ڕابردووی سیستەمەکانی میر ـ پاشانشینی ، سوڵتان و خیلافەتەکان ، ئیمپراتۆر و قەیسەرەکان ، تا دەسەڵاتگەی بەگ و ئاغاکان بەکێخوای ناو دێیەک بەسیستەمە کۆماری و دیموکراتیەکانی ئەم سەردەمەشەوە هەمووی پرۆسەیەکی سیاسی پیتاندوونی کە پڕە لەکێشمەکێش بگرەوبەردەی هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەستی بەرە ، گروپ

و تاقمەکان بێگومان کوشتوبڕی زۆری بۆ کراوە بەخوێن ڕشتن یا ژەهرخواردن جۆرەهای شێواز... تاد. سیستەمی پشتاوپشتی سەیدزادە ، مەلازادە و شێخزادەکانی ئەم سەردەمەی لەمەڕ خۆمان داواکراوی بیردۆزیە هەر گرێدراوی هەمان سیستەمی شازادەکەی دۆنگی یە چەند بارە دەبێتەوە بەسەر گروپ و باڵدا دابەشمان دەکەن گەر لەو گۆشە جەبری و مێژووییەوە شیکاری یا نیگای بدەین .




## کۆچکەکەی شازادە ..

ئاوێزانی خڕی گوپ و چاوە نوقتەییەکانی ئەکتەرە مێرمنداڵە کۆریەکە بووە ئێسک سووکی خنجیلانەیی داوەتێ بەهرەداری زیرەکی هەڵکەوتەی ڕووگەشی ژیکەلەیە پۆشاکەکانی جوان و چاوکێشە . دەکرێ بڵێین دەرکەوتنی ئەم منداڵە گوڕ و تینی بەدراماکە داوە دوای ئەوەی دۆنگی کچە بچووک گەورەبوو ڕۆڵی نەما . گرینگی بوونی منداڵ لەبەرهەمە هونەریەکان بەتایبەتیش لەنواندنی باش نرخی کاڵای فلیمسازیەکە بەرزدەکاتەوە بینەریش زۆرتر ڕادەکێشێ . ئەم شێوازە ڕێڕەوە مێژووییەکەی ژیان دەردەخا لەئاڵوگۆڕێ نەوەکان بەگۆڕینی پێداویستی سەردەمەکان و ژین بەگشتی لێرە واتە ژیان لەدوو سەدەی شازدە و حەڤدەم بەرجەستەیە .



**ڕووژان ( المفاجأة ) ..**

ماکی موفاجەئە لەناکاو زۆر زۆر گرینگە هەردەم چاوەڕوان نەکراوە بینەر بەکاردانەوەی سەرسوڕمانی دەوروژێنێ چالاکی بینین هەروەها بەردەوامی دەکا بۆ فلیمەکە ، کتوپڕی نوێبوونەوە یا دروستکردنی ڕووداو بەسەرهاتی نوێ حەپەسان بەرامبەریان چێژدەرە . زۆر ماڵی کورد لەکوردستان و هەندەران بەگەورە و بچوکەوە بەرامبەر کوردسات دادەنیشن ئێواران جارێک سەیری دراماکە دەکەن شەوانیش بەدەم برێشکە و بەرچایی جارێکی تر کڕوکەپ بەرامبەری دەق دەگرنەوە .

**شێوازی گێڕانەوە ..**

گێڕانەوە لەناو فلیمدا گەر بەدەمگۆیی چیرۆکخوانی بێ لەوانەیە درێژدادڕی و وەڕسکاربێ بینەر توشی خاوبوونەوە بکا بەڵام لەدرامای دۆنگی دەرهێنەرە کۆریەکان ئەم شێوازەیان پەڕاندووە زیاتر دوای بەسەرچوونێکی کەم هەر لەکاتی خۆی جارێکی تر دانوستان و دوانە گۆتراوەکان بەخەیاڵ دەگێڕنەوە لەوێنە و دەنگ لەلای ئەکتەری دووەم کە ئەکتەری یەکەم چی پێ گوتووە ! داهێنانێکی بەرچاوە . درامای دۆنگی بۆ کۆریەکە دوو دەرهێنەری هەبووە بەڵام بۆ وەرگێڕانە کوردیەکە یەک سەرپەرشتیاری جێبەجێکار تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوون و ئامانجیان پێکاوە .

**پاسەوانی شاهانە ..**

فەرماندەی پۆلیس ئەفسەرە خاوخلیچکە بە هەیتەی دوو پلیتەی جارانی لای خۆمان دەچی پۆلیسێکی گورجوگۆڵ نی یە ، لەڕۆیشتنی دا گێڕە گێڕێکی خەندەهێن دەکا زوو زووش لەپاسەوانەکان ڕادەخوڕێ: دەی مردووانە بجوڵێن . لەم دواییانە ڕۆڵی چۆنسوو و فەرماندە سوو و کەم ببۆوە دیارە بۆ هەر چەند زنجیرەیەکیش کامیرا چەند ئەکتەرێک دەڕفێنێ لەبیلبیلەی چاوی بینەر نزیکیان دەکاتەوە ڕۆڵی زیاتریان پێدەدا .

**دۆبلاژکاری پیشەیی ..**

نەبوونی ئەکتەری دۆبلاژکاری دەنگی پیشەیی لەکوردستان مەبەست لەپیشەیی سەرەڕای بوونی بەهرە خاوەن خوێندنی تیۆری و بڕوانامەی ئەکادیمی یە ، خۆی کێشەیە ئاواکردنی بەرهەمەکان تەنیا لەسەر بەهرە خۆڕسک و کردەییەکان خەوشدارە نارێکی جولە لەسەر لێوی ئەکتەرە کۆریەکان نا یەکسانە تەواو بەدەربڕینی تۆنی وشە کوردیەکان بەڵام هەرباشترە لەکردنی دۆبلاژەکە بەنوسین چاوان ئازار دەدا بینەر سەرقاڵی خوێندنەوە دەکا بەتەواوی گرتەکانی فلیمەکە ڕاناگا . واتە لەجیاتی چاو کە فلیمەکە دەبینێ بەهەستی گوێ دوانەکان دەبیستێ . لەلایەکی تر درشتە کەموکوڕەیەکان کەم نین بەنمونە: دەنگی جانگی جای براکەی خاتوو هوون بەرەی باشوریەکان دەنگی هەرهەمان تۆنی دەنگی خاوەنشکۆیە دیارە کەمی ئەکتەر یا بودجەکەی وای کردووە دەنگەکان دووبارە ببنەوە یان بەگۆڕینی ئەنقەست لەدەم خوارکردنەوە یا زیق و زلکردنی دەنگەکانی هەمان هونەرمەندان تۆمارکراوەتەوە ئەمە لایەنێکی نەرێنی یە یا هەندێ هەڵەی دەقی کە پێویست ناکا وا لەبێژینگی بدەین .

**سحر و فاڵگرتنەوە ..**

یا بەواتایەکی تر لێکدانەوە لەگەڵ پێشبینی توانای هەندێ کەسە هۆکار و سایەیەکی گرینگی سیاسی بووە تا ئێستاش پەنای بۆ دەبرێ ، جاران لەم ڕێگەیەوە چەندین کار ئەنجام و پەردەپۆش دەکران ، هەزاران میر و پاشا لەناوبران فێڵ و فەڕەجی سیاسی چەندین شاژن و شازادەی خەڵتانی خوێن کرد . سیحر ئەو پانتاییە خەیاڵیەیە ئەوەی لەڕاستی دا

پێ ی ناگەی لەبیردا بەدەستی دێنی بەڵام جادوویێکی هەڵخەرەتێنەری دەروونی ئاسودەکەرە لەگرتەی فلیمسازی داهێنەرە .

## وەرن وەرن ئێرە خۆشە ..

بانگەشەی دەنگی ژنە سۆزانیەکانی خانەی ژنان بوو بانگی پیاوە ڕێڕەوەکانیان دەکرد ، گرینگ وەرگێڕانەکە نی یە بەڵکو ئەم سیستەم و فۆڕمە لەکوردستان وەک داب و خووی نەریتی یان ڕستەی وشە کوردیەکاندا نی یە لەدراما وەرگێڕدراوەکە جێگای سەرنج و جوان کوردانندنی دەق و ڕووداوەکانە .

## دراما لەجیاتی خوێندنەوە ..

زێدەنوسی بێکاری نی یە کە باسی دۆنگی دەکەین چیرۆک ئەڤە .. بابزانین وەک من دەیبینم تۆش هەرواى یا تێبینی و بۆچوونی ترت هەیە ؟ لەبەر کەمی خوێندنەوە و سەرقاڵی زۆرینەی خەڵک بەئەرکەکانی ژیان ئەم جۆرە درامایانە بەرهەمی بەسودی هۆشیاری هەروەها هۆیەکی باشی فێربوون و خۆپەروەردە کردنە ، ئەگەر کەسانێک لەبەر نەخوێندەواری یا هەر هۆیەکی تر کەم خوێنەر بن ئەوا فلیمسازی وێناکردنی ڕووداوەکان لەلایەن هونەرمەندانەوە زانیاریەکان ئاسانتر بەئامادەکراوی دەگەیەننە وەرگر و فێرخواز تام چێژی خۆی هەیە وەک کتاب خوێندنەوە کە خوێنەر خۆی خەیاڵمەند و دەرهێنەری وێنەیی ڕووداوەکانە تاقت و بەهرەمەندی خوێنەرانەی دەوێ .

هەر بۆ خۆشی فەرموون کۆڕسی گۆرانیەکەی دۆنگی و شازادەش لەگەڵیاندا لەم لینکە ببینە:

http://www.youtube.com/watch?v=m0ntjYW2164

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com